IRAQI Academic Scientific Journals

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Constructing parallelism in the Kurdish contextual poetic manuscript namely Salim Sahibqran . (This research paper is precised from doctoral dissertation)

Ari Osman Rstam*

**Karmian University**

ari.rstam@univsul.edu.iq

&

**Dilshad Ali Mohammed**

**Slimani University**

Dilshadali@yahoo.com

**Received:** 12/ 1 / 2023, **Accepted:** 28 / 2 /2023, **Online Published: 15 / 5 / 2023**

©2023 College of Education for Women, Tikrit University. This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

CC BY

## Abstract

Parallelism is one of the significant literary devices which are crucially employed to analysis literary discourse. Formalists look at it as key component to construct meaningful poetic script. Consequently, it leads to produce harmonization and establishing of the linguistic component of the text .This rhythm happens once the parallelism is inherently natural dissimilar to it is produced with effort. As long as the parallelism is dominantly perceived, it will prominently regulate the superlative of the written text. The study deals with constructing parallelism in the Kurdish contextual poetic manuscript namely (Salim

* **Corresponding Author**: Ari Osman Rstam**, Email:** ari.rstam@univsul.edu.iq

**Affiliation**: Karmian University - Iraq

Sahibqran) which is outlined from a doctoral dissertation .The study presents the theoretical background of the parallelism from the perspective of formalists to construct a poetic manuscript .Furthermore it is also employed as methodology of the study to analyze a bunch of poems from the stated poet. The study sheds light on the decisive point which is a distinction between parallelism and deviation. These two terms have been used in the literarily critical analysis of Kurdish texts and poetic manuscripts as an interrelated concepts, whereas the study has declared that parallelism is an independent literary device.
**Key Words:** Parallelism, duplication, co-features , synonyms.

# بنية التوازي في النص الشعري الكوردي– سالم صاحبقران نموذجا
# (بحث مستل من اطروحة دكتوراه)

**أ.د. دلشاد علي محمد**

**قسم اللغة الكردية/ كلية اللغات/ جامعة السليمانية**

**و**

**م.م. اري عثمان رستم**

**قسم اللغة الكردية/ كلية تربية الاساسية/ جامعة كرميان**

**الـمـسـتـخـلـص**

يتعبر التوازي من المفاهيم اللسانية الحديثة، التي لقيت اهتماما كبيرا في الدراسات التي تهتم بتحليل الخطاب الشعري، وخاصة عند الشكلانيين ومن بينهم اكثر اهتماما بالتوازي (رومان جاكبسون) حيث اهتم به من خلال الوظيفة الشعرية للغة، اذ على الرغم من أن النص يتضمن عناصر كثيرة الا أن الشعرية ابرز سماته. من هذا المنطلق يعتقد جاكبسون ان النص الادبي وخاصة النص الشعري ينشأ مثل نشوء أي نص لغوي مرتكزا على عنصري الاختيار والتأليف حيث يشمل التوازي مستويات متعددة مثل البني التركيبية والصيغ والمقولات النحوية، وتأليف التشكلات الصوتية والاشكال التطريزية. من هنا تظهر أهمية التوازي في أنة عنصر تأسيسي وتنظيمي في ان واحد، لما له من أثر في ابراز العلاقات الصوتية على ترابط بنية النص من خلال تقاربها الصوتي الدلالي والايقاعي. من هذا المنظور تهدف هذه الدراسة الموسومة بـــ(بنية التوازي في النص الشعري الكردي- قصائد سالم صاحبقران نموذجا) الكشف عن اهمية التوازي في بنية النص الشعري، بوصفه احدى الظواهر التي يزخر بها الشعر الكردي القديم (الكلاسيكية الكردية)، ومن هنا يبين البحث الموسوم (بنية التوازي في النص الشعري- اشعار سالم صاحبقران نموذجا) رؤية نظرية حول التوازي من حيث مسألة التكوين ومن حيث مسألة التطبيق ايضا، وذلك ضمن اشعار الشاعر الكردي (سالم صاحبقران)، وقسمت البحث على مبحثين انطلاقا من وجهة النظر السابقة و اعتمدت على مجموعة من المصادر والمراجع القديمة والحديثة و في الختام وصل البحث الى عدد من النتائج العلمية الهامة والقيمة.

**الكلمات الدالة:** التوازي، التكرار، التماثل، التعادل، الافراد، الصدارة، القيمة المهيمنة.

# بنیاتی هاوتەریبی لە دەقی شیعری کوردیدا- (سالمی ساحێبقڕان) بەنموونە

## (ئەم توێژینەوەیە وەرگیراوە لە تێزی دکتۆرا)

م.ی.ئاری عوسمان ڕۆستەم
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی گەرمیان

و

پ.د.دڵشاد عەلی محەمەد
بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

- پێشەکی:
هاوتەریبی (Parallelism) یەکێکە لەو چەمك و زاراوانەی بایەخێکی زۆری پێدەدرێت لەو توێژینەوانەی کە گرنگیی بە شیکردنەوەی گوتاری ئەدەبی دەدەن، بەتایبەت لە ڕەخنەی نوێدا وەك پێکهێنەرێکی سەرەکی لە بنیاتی دەقی شیعریدا لێی دەڕوانرێت، چونکە دەبێتە هۆی فەراهەمکردنی جۆرە ڕێکخستن و پێکهێنانێك لەنێوان یەکە زمانییە بەشداربووەکان لە بنیاتی دەقدا و ئەمەش بە مەرجێك دەبێت، کە هاوتەریبییەکە سروشتییانە بەدی هاتبێت نەك لە ئەنجامی زۆرلەخۆکردنی شاعیرەوە بێت، بەم پێودانگەش دەقی شیعری لە دەقە ئەدەبییەکانی تر جیادەکرێتەوە، بەوەی کە هاوتەریبی تێیدا دەبێت بە بەهای زاڵ لە بنیاتەکەیدا.
لەم ڕوانگەوە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (بنیاتی هاوتەریبی لە دەقی شیعری کوردیدا- سالمی ساحێبقڕان بەنموونە، تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی دوو پرسی گرنگ، یەکەمیان خستنەڕووی چەمکی هاوتەریبییە لە ڕوانگەی تێڕوانینی تیۆری فۆرمالیزمی بنیاتگەرانەوە، کە هاوکات هەر ئەوەش وەك میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان دەستنیشان دەکەین و دووەمیشیان هێنانەوەی هەندێك نموونەی شیعرییە، لە شیعرەکانی سالمی ساحێبقڕان، کە بۆ ڕوونکردنەوە و پراکتیزەی لایەنە تیۆرییەکە سوودیان لێ وەردەگرین. بەم جۆرەش بایەخی توێژینەوەکە، خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە تیشك دەخاتە سەر خاڵێکی جەوهەریی گرنگ، کە ئەویش جیاکردنەوەی چەمکی هاوتەریبییە لە چەمکی لادان، کە زۆرجار لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و لە باسی شیعرییەتدا چەمکی یەکەمیان دەخرێتە میانی دووەمەوە، بەڵام ئەم کارەی ئێمە هەوڵ دەدات پەردەی دادراو بەسەر دیوە زانستییەکەی هاوتەریبیدا هەڵبماڵێت و بیخاتەڕوو. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین، کە لە ڕوونکردنەوەی نموونەی پراکتیکییەکاندا جۆرەکانی هاوتەریبی لەسەر ئاستە زمانییەکانی (دەنگی، وشەیی، پێکهاتەیی و واتایی) بەشێوەی بەدوایەکداهاتنی زنجیرەیی وەرناگیراون، بەڵکوو بەپێی پێویستی لێکۆڵینەوەکە مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

- کلیلەوشە: هاوتەریبی، دووبارەبوونەوە، هاوشێوەیی، هاوتایی، نائاشناکردن، بەرجەستەکردن، بەهای زاڵ.

## بەشی یەکەم/ هاوتەریبی و شیعرییەتی زمان

ئەو پێناســـــانەی بۆ چەمکی هاوتەریبی خراونەتە ڕوو، گەلێك زۆرن، كە زۆرجاریش چەمکەکەی پێ دەبرێتەوە ســـەر هونەرو ســـنعەتە ڕەوانبێژییە کۆنەکانی وەك (ڕەگەزدۆزی، ڕازاندنەوە، دووبارەبوونەوە، بەرامبەریی، دژیەکی و...هتد)، کە هەموو ئەمانەش دواجار لە لێکۆڵینەوەی فۆرمالیســـتی و شـــێوازگەریی هاوچەرخدا لەڕوانگەیەکی زمانەوانیی و بنیاتگەریی پەتییەوە لێیدەڕوانرێت و شیکاریی دەقی لەسەر دەکرێت، کە هەموو ئەوانەش دەچنە چوارچێوەی شیعرییەتی زمانەوە، بۆیە بەبێ ئاگاداربوون لە تیۆرییە نوێیەکانی زمانەوانی و چۆنێتیی ڕەنگدانەوەیان لە میتۆدە مۆدێرنەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، ئاســـان نییە بتوانین لەو هونەرە ئیســـتاتیکییانەی زمان بە تێڕوانینە هاوچەرخەکەی تێ بگەین.

لێرەداو لەبەر ڕۆشـــنایی ئەو پوختەی ســـەرەوەدا، دەتوانین پێناســـەیەکی لەم جۆرە بۆ هاوتەریبی بهێنینە بەرباس، کە لەلایەن ئەدەبناســـی ئینگلیز (چریس بالّدیك)ەوە خراوەتە ڕوو و تێیدا دەڵێت: ((پاراليليزم ڕێکخستنی بونیادی لێکچووی دەربڕین، ڕستە یان دێری شـیعر، یان پێشـنیازکردنی هەمان شـــێوەی بەدواییەکدا هاتنە وەك پەیامی نێوانگرییان. کاریگەریی پاراليلیزم بەشـــێوەیەکی ئاسایی یەکێکە لەو هاوسانی و هاوکێشی ڕاگرتنانەی کە بە هۆی دووبارەکردنەوەی هەمان شێوەی ســـینتاکســـییەوە دێتە کایە.))(محەمەد، 2018، 564) هەڵبەت ئەم پێناســـەیەش وەرگیراوە لەو تێڕوانینەی یاکۆبســـنەوە، کە لەبارەی هاوتەرییبییەوە دەڵێت: ((هاوتەریبی پێکهاتەیەکی دووانەییە لەســـەر بنەمای هاوشـــێوەیی نەك وەکیەکییەکی تەواو خۆی بنیات دەنێت.))(یاکبســـون، 1981، 103) کەواتە ئەگەر بمانەوێ پێناســـەیەکی لەم جۆرە لەڕووی تیۆرییەوە بســـەلمێنین و بەدوای چۆنێتیی بەدیهاتنیدا لە بنیاتی دەقی شـــیعردا بچین، ئەوا پێویســـتە بگەڕێینەوە بۆ تێڕوانینەکانی یاکۆبسـن، کە بەلای فۆرمالیسـتەکانەوە بەگشـتی و بەپێی تیۆری پەیوەندییەکەی ناوبراو بەتايبەتی، زمان لە دوو ئاســـتی چالاکی و بەکارهێناندا دەردەکەوێت، ئەویش: زمانی پێوەر (ئاســـایی)، کە ســـروشـــتێکی خودکاریی (ئۆتۆماتیکی) هەیە و زمانی شـــیعریی، کە ســـروشـــتێکی جوانکاریی (ئیسـتاتیکی) هەیە. بەشـێوەیەکی گشـتیش زمانی شـیعریی لەڕێگەی دوو پرۆسـەوە بە دی دێت، ئەویش: نائاشـناکردن و بەرجەسـتەکردنە، کە یەکەمیان لە ئاسـتی چۆنێتی و دووەمیان لە ئاسـتی چەندێتیی زماندا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.(رزق، 2002، 56) وەك لای خوارەوە هەریەك لەم دوو پرۆسەیە، ڕوون دەکەینەوە.

## تەوەری یەکەم/ نائاشناکردن و شیعرییەتی زمان

ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا بە زاراوەگەلی وەك (نامۆکردن، تاقانەکردن، ئاشـــنایی ســـڕینەوە، ناباوی) گوزارشتی لێ دراوەتەوە. لە زمانی عەرەبیدا بە (الاستغراب، التغريب، الاغراب، الافراد) هـاتـووە، کـە هـەمـوو ئـەمـانـەش وەرگـێـڕانـی زاراوەی (Unfamiliarization) و (Estrangement)ی ئینگلیزین و بۆ یەکەم جار (شکلۆڤسکی) ئەم چەمکەی خستەڕوو و وشەی (Osrannenja)ی ڕووسـی بۆ بەکارهێنا، کە بەشـێکی گرنگی پێکهاتەی ئیسـتاتیکای هونەری و ئـەدەبییـە...(کـەســـنـەزانی، 2022، 308 هـەروەهـا: بـەرزنجی، 2006، 224) و ئـەمـەش بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتە لە ((گۆڕینی شتێك و گواستنەوەی بۆ بازنەیەکی نوێی پەیپێبردن، واتە گۆڕینی شـــتێکی باوی ســـواو بۆ بارێکی نوێی نامۆ لە ڕێی مەجاز یان گۆڕینی دیدگای پێشکەشکردنەوە، ئەم گۆڕینەش ئامانجی سـەرەکی شـیعر و هۆکاری بوونیەتی.))(شـارەزووری، 2015، 212)

سەرهەڵدانی چەمکی نائاشناکردن دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی (شکلۆفسکی) بە ناونیشانی (هونەر وەکوو تەکنیك)، لە 1917دا، کە دوای ئەویش یاکۆبسن و تینانۆف بەکاریان هێناوەوە و لەمەشدا نیشانەی کاریگەریی هەریەك لە دیاردەناسیی (ئێدمۆند هۆسێرل)و تێڕوانینە هونەرییەکانی شانۆکاری ئەڵمانی (بێرتۆڵد برێخت) بەسەر شکلۆفسکییەوە لە داهێنانی چەمکەکەدا دیارە.(حمداوي، 2020، 58 هەروەها: بەرزنجی، 2006، 224) کە لەو دوو ڕوانگەوە باس لەم پرۆسەیە (نائاشناکردن) دەکات و بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆی، نموونەیەك دەهێنێتەوە و دەڵێت: ((ئەوانەی کە لە کەناری دەریاکاندا دەژین، هەر زوو بە دەنگی شەپۆلەکانی ڕادێن، بە جۆرێك کە ئیتر نە هەستی پێ دەکەن و نە دەنگی دەبیستن، هەر بەهەمان هۆ ئێمەش ناتوانین گوێمان لە وشەکانمان بێت و ئەوەی لە زماندا بنیاتی دەنێین هەستی پێ ناکەین و نایبینین، بەمەش درك و هەستمان بەرانبەر بە جیهان کزو لاواز دەبێت، لێرەوە ئەرکی هونەر ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەم ڕۆتینەو داماڵینی شتەکانە لە چوارچێوەی خۆیان و شکاندنی قاڵب و کلێشە زمانییە باوەکانە، کە ئێمە پێیان ڕاهاتووین.))(فضل، 1998، 57) بەمانایەکی دیکە و هەروەك شکلۆڤسکی خۆی لەوبارەوە درێژەی دەداتێ: ((ئامانجی هونەر گواستنەوەی هەستەکانە بەو شێوەی کە درك دەکرێن، نەك بەو شێوەی کە دەزانرێن و دەناسرێن، تەکنیکی هونەر لەوەدایە، کە بەرگی ئاشنایەتی لە دیاردەو دەرکەوتەکان دابماڵێت و نائاشنایان بکات و فۆرمێکی دیکەی گرانتریان بداتێ، بۆئەوەی درککردنیان ئاسان نەبێت، چونکە کردەی درکپێکردنی ئاڵۆز و گرانی لە خودی خۆیدا ئامانجێکی ئیستاتیکیی بەرزەو ئەرکی هونەرە، کە ماوەو مەوداکەی لای خوێنەر درێژ بکاتەوە.))(هولب، 2004، 46، هەروەها: سلدن، 1998، 29-30) واتە کاتێك درککردن یان پەیپێبردن ((ئاسایی دەبێتەوە، دەبێتە کارێکی ئۆتۆماتیکیی ئامێرییانە، هەر بەهەمان شێوە نەریتە باوەکانمان دەکشێنەوە بۆ ناوچەی ئۆتۆماتیکی و ئامێرییانەی ناهۆشیارانە.))(عبدالرحمن، 2021، 111) لەم ڕوانگەوە هەروەك شکلۆفسکی ڕوونی دەکاتەوە، ئیتر ((هونەر ئامرازی کارامەیی-پێدانە بۆ دۆزینەوەی لایەنی هونەریی بابەتەکە و چیتر بابەت بۆخۆی نابێتە جێی مەبەست.))(بشبندر، 2005، 104) لێرەوە هونەر (ئەدەب) بە تێکشکاندنی کلێشە و قاڵبە پێشوەختە ئامادەکان، هەستەکانمان سەرلەنوێ ڕێك دەخاتەوەو ئەو نەریتانەی پێیان ڕاهاتووین دەیانگۆڕێت و لە فۆرم و بنیاتێکی نوێدا دەیانخاتەوە ڕوو. هەربۆیە شکلۆڤسکی ڕایدەگەیەنێت، کە لەئەنجامی ئەوەی بنیاتەکان بە بەردەوامی لە بەکارهێناندان، بۆیە هەمیشە خۆیان نوێ دەکەنەوەو دەگۆڕێن: ((پێویستە بنیاتەکان تا ناکۆتا لە گۆڕاندابن، بۆئەوەی نەبنە کۆمەڵە چەشنێکی دووبارە.))(مجموعة مؤلفين، 1982، 11) دەبێ ئەوەش بزانین، کە لە پرۆسەی نائاشناکردندا زیاتر کار لەسەر بابەت (وەك: کاراکتەر، ڕووداو، پلۆت و... هتد دەکرێت، واتە بابەتەکە دەبێتە جێی سەرنج و لەسەر تەوەری هاونشینی فراوان دەکرێت. بۆیە پرۆسەی نائاشناکردن زیاتر لە دەقی گێڕانەوەبەندی (چیرۆك و ڕۆمان)دا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.(دەروانرێتە: لوشر، 1997، 87- 105) بەڵام ئەمە مانای وانییە، کە لە دەقی شیعریدا نائاشناکردن دەوری نەبێت، بەڵکوو ئەوەتا لەبەرانبەر ئەو هەوڵانەی شکلۆڤسکیدا، دەبینین یاکۆبسنیش توانیویەتی ئەم چەمکە لە شیعرەکانی مایاکۆڤسکی، ڤیکتۆر خلیبنیکۆف و ئەوانیتردا پراکتیزە بکات و بەمەش واتا و دەلالەتێکی تری بە چەمکی نائاشناکردن بەخشیوەو تەنانەت بە زاراوەیەکی وەك (نامۆکردنی زمان) گوزارشتی لێ داوەتەوە.(ابراهيم، 1998، 102-103) ئەمەش لەڕوانگەی ئەوەی کە یاکۆبسن پێیوایە ((شیعر بۆ خۆی زمان ڕووبەڕووی ئاشنایی-سڕینەوە دەکات و ڕێگەیەکی نوێ بۆ بینینی جیهان پێشنیاز دەکات.))(برتنز، 1388، 50) ئەوە بۆیە (جاناتان کالەر)یش دەڵێت: ((ئەدەب زمانێکە، کە زمان سەیر و نامۆ دەکات.))(کالر، 50، 2021- 60) بەمەش وەرگر لەبەردەم پەیامدا، ئاگایی خۆی لە پرسیاری (بۆچی هەست دەکەم؟) دەگوازێتەوە بۆ پرسیاری (هەست بە چی دەکەم؟) کە دواجار ئەمەش

دۆزینەوەی وەڵامە بۆ هەمان ئەو پرسیارە بنەڕەتییەی یاکۆبسن خۆی، لەوەی: ئەوە چییە کە پەیامێکی ئاخاوتەیی دەگۆڕێت بۆ بەرهەمێکی هونەری؟(دەروانرێتە: ئەحمەدی، 2004، 99) لەم ڕوانگەوە چەمکی نائاشناکردن بەشێوەیەکی گشتی لای فۆرمالیستەکان دوو واتای سەرەکی بەدەستەوە دەدات، ئەویش:

1. شێوازێکە لە نووسین، کە ئاگایانە یان نائاگایانە لە هەر کارێکی ئەدەبیدا دەبینرێتەوە و تەنانەت هەندێ جار شێوەی باڵادەستی دەربرینە، کە ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی مەجازییانەی زمانەوە بەدی دێت، کە زەینی وەرگر بۆ مانای نوێ دەبات و مانا ئاشناکان بێ بایەخ دەبن و لەناودەچن.
2. تەواوی ئەو تەکنیکە هونەرییانە دەگرێتەوە، کە نووسەر ئاگایانە و نائاگایانە سوودیان لێ وەردەگرێت، تا جیهانی دەقەکە لەبەرچاوی وەرگر نامۆ نیشان بدات. نووسەر/ شاعیر لەبری چەمکە ئاشنا و ئاساییەکان، کۆمەڵە وشە و شێوەیەکی دەربرینی ئەوتۆ بەکاردەهێنێت، کە دەلالەتە واتاییەکانی دەقەکە ئاسان نەبێت، بەمەش بابەتەکە وا لێ دەکات، وەك ئەوەی نوێ بێت.(بەرزنجی، 2006، 225 بەدەستکارییەوە) کەواتە چەمکی نائاشناکردن وەك یاسایەکی گەردوونی و گشتیی هونەر تاوتوێ دەکرێ، کە لە هەموو ئاستەکانی بونیادی هونەریدا دەردەکەوێت، وەك ئاوازدانەوەی دەنگ لای یاکۆبینسکی، ئاڵۆزیی سیمانتیکی شیعریی لای تینیانۆڤ، وەستاندن و پەککستنی ڕەگەزەکانی پێکهاتنی سووژێت و نامۆیی وەسفی هونەری لای شکلۆڤسکی و بەرچاویی و بەرجەستەیی یان نامۆکردنی زمان لای یاکۆبسن و ئۆڤیتۆکور و... هتد.(محەمەد، 2018، 553 بەدەستکارییەوە)

## تەوەری دووەم/ بەرجەستەکردن و شیعرییەتی زمان

چەمکی بەرجەستەکردن لە زمانی کوردیدا چەندین زاراوەی وەك: (بەرجەستەسازیی، زەقکردنەوە، دەرخستن و پێشخان)ی بۆ بەکارهێنراوە، هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا بە زاراوەکانی وەك (الصدارة، الامامیة) گوزارشتی لێکراوە، هەموو ئەمانەش وەرگێرانی زاراوەی (Foregrounding)ی ئینگلیزین، کە ئەمەشیان لە وەرگێرانی زاراوەی ئاکتوالیس (актуалис)ی ڕووسییەوە هاتووە، پاش ئەوەی کە گاروین (P.L.Garvin) لە ساڵی (1927)دا وتار و لێکۆڵینەوەکانی فۆرمالیستە ڕووسەکانی وەرگێرایە سەر زمانی ئینگلیزی.(محەمەد، 2018، 552 هەروەها: لهۆن، 2022، 119)

چەمکی بەرجەستەکردن لەلایەن مۆکارۆڤسکییەوە لە وتارێکدا بە ناونیشانی زمانی ستاندارد و زمانی شیعری (Standard Language and Poetic Language) لە ساڵی (1932)دا باس کراوە و بەوردیی جیاوازیی نێوان زمانی ئاسایی و زمانی شیعریی خستووەتە ڕوو، ئەمەشی لە ڕێگەی داهێنانی دوو چەمك و خستنەڕووی جیاوازیی نێوانیانەوە بەردەست خستووە، کە بریتین لە هەردوو چەمکی پێشخان (الامامیة The Foreground)و چەمکی پاشخان (الخلفیة The Background).(موکاروفسکی، 1984، 40) لێرەدا و بەپێی ئەم تێگەیشتنەی مۆکارۆڤسکی، مەبەست لە چەمکی پێشخان ئەو ڕەگەزانەیە، کە لە بەرهەمی هونەری و ئەدەبیدا زەق و دیار و بەرچاون، بەڵام پاشخان بریتییە لە زەمینەی گشتیی بەرهەمەکە، واتە پاشخان هەموو ئەو ڕەگەزانەی تر دەگرێتەوە، کە زەمینە بۆ دەرکەوتن و زەقبوونەوەی هەندێ لە ڕەگەزەکانی بنیاتەکە خۆش دەکەن و دەیهێننە ڕووی پێشەوەی دەقەوە* و دەیخەنە ڕوو.

---

* فۆرمالیستەکان بە گەڕانەوە بۆ تیۆری جەشتاڵت لە بواری دەروونناسیدا، ئەم دوو چەمکە (پێشخان و پاشخان)یان وەرگرتووە و هێناویانەتە ناو لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە. لە تیۆری جەشتاڵتدا گرنگییەکی زۆر بەم دوو چەمکە دەدرێت،

بەهەمان شێوە لە دەقی ئەدەبیشدا زمانی شیعریی، کە لە ڕێگەی لادان و زێدەکردنی ڕێساوە دەبێت بەو فۆرمە زەقە، کە وەك پێشـــخانی دەق خۆی دەنوێنێ و زمانی پێوەر (ئاســـایی/ خودکار/ ئۆتۆماتیك)یش خۆبەخۆ ڕۆڵی پاشـــخانە گەورەکە دەبینێت، کە ناتوانێت ببێ بە جێی ســـەرنج، لەم ڕوانگەوە فۆرمالیســـتەکان هەوڵیان داوە جیاوازیی نێوان زمانی پێوەر و زمانی شـــیعریی دیاری بکەن، بۆ ئەمەش بەشـێوەیەکی گشـتی دەتوانین لەوبارەوە پوختەی تێڕوانینەکەیان بەم جۆرە بخەینە ڕوو: زمانی پێوەر شـێوە بەکارهێنانێکی زمانە، کە مەبەسـت لێی دروسـتکردنی پەیوەندییە و ئەو وشـــانەی کە مەبەســـتەکەی پێ دەردەبڕدرێت ڕەنگدانەوەیەکی ڕاســـتەوخۆی جیهانی واقیعە، بۆیە شێوازی دەربڕینەکە نابێتە جێی سەرنجدان بەلای وەرگرەوە، واتە زمانێکە تێیدا ڕاشکاویی بەهای زاڵ و باڵادەســـتە و داهێنان تێیدا لە نزمترین ئاســـتی خۆیدا دەبێت، لەکاتێکدا زمانی شـــیعری پێچەوانەی زمانی ئاسـاییە، بۆیە ئەو وشـــانەی کە تێیدا بەکاردەهێنرێن، واتای ڕاســتەوخۆی واقیع وەك خۆی ناگوێزنەوە، بەڵکوو زەق دەکرێنەوە و دەهێنرێنە پێشـــەوە و دەبنە پێشـخانی دەقەکە، واتە لە زمانی شـــیعردا زیاتر جەخت دەکرێتە ســـەر فۆرمە زمانییەکە وەك لەو بابەتەی کە مەبەســـتە بگەیەنرێت، چونکە لێرەدا ڕووی پەیام لە خودی پەیام خۆی دەبێت، بۆیە لە دۆخێکی وادا، کە شـــێوازی دەربڕین دەبێتە جێی ســـەرنج و بەمەش زمان ئەو ڕاشـــکاوییەی لە دۆخی ئۆتۆماتیکدا هەیەتی لە دەســـتی دەدات و لەبری ئەوە هەســـتێکی ئیســـتاتیکی لای وەرگر دەوروروژێنێت، ئەمەش ئەو پرەنســـیپەیە، کە فۆرمالیســـتەکان بەبێ جیاوازیی لەســـەری کۆکن، بەوەی ((زمانی شـــیعریی شێواندنی بە ئەنقەستی زمانی پێوەرە و... توندوتیژییەکی ڕێکخراوە، کە شاعیر بەرانبەر بە زمان پێڕەوی دەکات.))(ویلیك، 1987، 56) هەر بەم تێڕوانینە زمانی شـــیعریی لە دەقی داهێنراوی شـــیعریدا ((دەبێتە تـەوەری تـاقیکردنـەوەی شـــیعری و ڕەگەزەکـانی تری داهێنـان بـە دەوریدا دەســـوڕێنەوە.))(تۆفیق، 2013، 31) لە ئەنجامیشـــدا تێکرا جووڵەیەکی زیندوو بە تاقیکردنەوە شیعرییەکە دەبەخشن.

## بەشی دووەم/ هاوتەریبی لە شیعرەکانی سالمی ساحێبقڕاندا

### تەوەری یەکەم/ هاوتەریبی وەك زێدەکردنی ڕیسای زمانی

ئەگەرچی هاوتەریبی لە دەقدا بنیاتێکی فرە جەمســـەرە و ((چەندین تەکنیك و هونەری هەن و هیچ کات ناتوانین یاســـایەکی بۆ دابڕێژین.))(قادر، 2022، 175) بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا چونکە هاوتەریبی لەڕێگەی یاســاکانی زمانی شـــیعرییەوە بەرهەم دێت، بۆیە ئەگەر مەبەســـت لە زمانی پێوەر دروســـتکردنی پەیوەندیی و گەیاندنی زانیاریی بێت، ئەوا مەبەســـت لە بەکارهێنانی زمان لە دەقی شیعردا داهێنانی جوانییە، داهێنانی ئەم جوانییەش لە دوو ڕێگەوە بەرجەستە دەبێت، ئەویش:

1. لادان Deviation
2. زێدەکردنی ڕێسا Extra regularity

---

)دا، بەوەی Figure– ground بەتایبەت لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان فۆرم و زەمینە (الشكل والارضية کە فۆرم هەمەکی (کل)ێکی دابڕاوە لەو زەمینەی کە دەبێتە پاشخانی وێنە بینراوەکە. لەم بارەوە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەیان نموونەیەکی لەم جۆرە دەهێننەوە: ئەگەر کەسێك لەسەر شۆستەیەك ڕاوەستابێت، ئێمە زیاتر سەرنجی کەسەکە دەدەین وەك لە شۆستەکە، چونکە کەسەکە لەوێدا بریتییە لە فۆرمە زەقکراوەکە (=پێشخان)، واتە شۆستەکە دەبێتە پاشخان بۆ وێنەی کەسە ڕاوەستاوەکە، لەکاتێکدا کە ئەوە دەزانین شۆستەکە زۆر لە وێنەی کەسەکە گەورەترە، بەڵام کەسەکە لە ڕوانینی ئێمەدا زەق و دیارو بەرچاوترەو گەورەیی شۆستەکە بەلامانەوە نابێتە جێی سەرنج.(بۆ زانیاریی زیاتر، دەڕوانرێتە: جییوم، 1963، 85 -95)

لەم ڕوانگەوە بەرجەستەکردنی زمان، کە لەڕێگەی ئەو دوو پرۆسە ئاماژەپێدراوەی سەرەوە جێبەجێ دەکرێت، بەلای فۆرمالیستەکانەوە فاکتەری سەرەکییە لە بەرهەمهێنانی زمانی شیعریدا.(سەفەوی، 2018، 64) لێرەدا ئامانەوێ باس لە چەمکی لادان بکەین، بەوپێیەی کە لە سنووری کاری توێژینەکەومان بەدەرە، بۆیە بەوەندە دەبیرینەوە لەوەی بزانین، کە لادان ((بریتییە لە دەرچوون و لادان لە پێوەر و یاسا و دەستووورە ڕێزمانی و باوەکانی زمان و هێنانی مانای دەلالی نوێ بۆ وشەکان و تێکشکاندنی ڕێسای ڕێزمانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە ڕێزمان تێك دەشکێنێ، دووبارە بە هۆی یاسای نوێوە دروستی دەکاتەوە.))(سەعید، 2013، 83) بەم جۆرە پێویستە هەموو لادانێك سێ مەرج لەخۆیدا بەدی بهێنێت، دەنا ئەو لادانە نابێتە لادانێکی ئەدەبی و هونەری، مەرجەکانیش هەروەك (لیچ) دەستنیشانی کردوون، بریتین لەوەی کە لادانەکە: 1-ئەرکدار بێت، 2-ئاراستەکراو بێت، 3-مەبەستدار بێت.(سەفەوی، 2018، 69- 70) هەروەك لەم دوو نموونەی لای خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە:

**شەڕیانە لە ئەندێشەیی موو، موئمین و تەرسا**

**کێشاویە لەسەر مەصحەفی ڕوو، شەکڵی چەلیپا** (سالم، 2015، 85)

یان:

**هەر سەحەر دێنێتە یادم، کۆیی تۆ، موڵکی خەتا**

**نەفحەها دێنێ لە موشکین زوڵفی تۆ، بادی صەبا** (سالم، 2015، 14)

وەك دەردەکەوێت لە نموونەی یەکەمدا شاعیر هەردوو کرداری (شەڕیانە و کێشاویە)ی هێناوەتە پێشەوەی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە شیعرییەکەیەوە، لەکاتێکدا لە ڕێزمانی زمانی کوردیدا کردار کۆتا چاڵی ڕستە پڕدەکاتەوە. هەروەها (موئمین و تەرسا) کە بکەرە، لە نیوەدێری یەکەمدا پاش خستووە، هەروەك لە نموونەی دووەمیشدا دیسانەوە لادانی زمانیی لەڕێگەی پاشخستنەوە ئەنجام داوە، بەوەی یەکەی زمانیی (موڵکی خەتا)، کە بەرکارە، خستوویەتییە کۆتایی ڕستە شیعرییەکەوە، لەکاتێکدا بەرکار چاڵی نێوان بکەر و کردار لە ڕستەی کردار تێپەڕدا پڕدەکاتەوە، لە نیوەدێری دووەمیشدا (بادی صەبا)، کە بکەرە پاشی خستووە و بەمەش بەدەر لە لادانە زمانییەکە، هاوکات ئەرکێکی شیعریی بەدیهێناوە، کە ئەویش بنیاتنانی سەرواى دێرە شیعرەکەی لێ کەوتووەتەوەو مۆسیقای دێڕەکەی پێ کامڵ بووە.

وەك سەرنج دەدەین، لەڕێگەی ئەم جۆرە لادان و دەستکاریکردنەی زمانەوە، شیعرییەتێك بە دەق دەبەخشرێت، بۆیە لادان پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی شیعرییەتە لە بنیاتی دەقدا و دەچێتە چوارچێوەی (جوانکاریی واتایی)یەوە و لەنێو سیستەمی واتایی زماندا کاردەکات و تێکی دەدات، واتە مامەڵەیەکی ئەدەبییانەیە لەگەڵ ڕووی ناوەوەی زمانی شیعریدا، بەڵام زێدەکردنی ڕێسا دەچێتە چوارچێوەی (جوانکاریی وشەیی)یەوە و کار لە ڕووی دەرەوەی زمانی شیعریی دەکات و زیاتر پرۆسەیەکی جوانکاریی و یاریکردنە بە وشە.(عەبدوڵڵا، 2008، 41) هەروەك لە دوو قەسیدەدا لە لاپەڕە (193) و (195)ی دیوانی (سالم)دا لەپاڵ بەکارهێنانی سەرواسازییەکی جواندا، توانیویەتی لەڕێگەی پێکهاتەیەکی ڕێزمانیی وەك (هات و گوزەشت)ەوە هەردوو دەقە شیعرییەکەی خۆی برازێنێتەوە، هەروەك دەڵێت:

**دەوری ئەم قەڕنە لەسەر من بە ستەم هات و گوزەشت**

**ساڵ و مەهـ، هەرچی حەیاتم بوو، بە غەم هات و گوزەشت**

**لەنگەری طایری دەوڵەت لەسەرم طوولی نەبوو،**

**وەکوو هەورێ کە بخا سایە، بە هەم هات و گوزەشت...** (سالم، 2015، 193)

هەروەك لە خستنەڕووی ئەو دوو نموونەی پێشوودا دەرکەوتووە، ئەگەر لادان بریتی بێت لە تێکشکاندن و بەزاندنی یاساکانی زمانی ئاسایی، ئەوا زێدەکردنی ڕێسا پێچەوانەی لادانە و

شێوەیەکی تایبەتییە لە شێوەکانی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی، بۆیە ئەوەی لێرەدا بۆ باسەکەی ئێمە گرنگە، بریتییە لەم چەمکەی دواییان، کە ئەویش (زێدەکردنی ڕێسا)یە، کە یاکۆبسن بە هاوتەریبی دادەنێت و پێیوایە، کە هاوتەریبی ((لەڕووی چییەتییەوە لە لادان جیادەبێتەوەو دەبێتە هۆی داهێنانی هەڵبەست.))(دزەیی، 2012، 112) بەم جۆرە هاوتەریبی ئەنجامێکە لە ڕێگەی زێدەکردنی ڕێساوە و بە دەست دێت، کە ئەمیش بۆخۆی لەڕێگەی کۆمەڵێك پرۆسەی دووبارەکارییەوە لە ئاخاوتندا بەدی دێت و دەرئەنجام دەقی شیعری لێ دەکەوێتەوە. (یاکۆبسن) ڕایوایە، کە پرۆسەی زێدەکردنی ڕێسا، شتێك نییە لە هاوتەریبی بەولاوە بە چەمکە فراوانەکەی و ئەم هاوتەریبییە خۆیشی لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنەوە دێتەدی.(سەفەوی، 2018، 165) هەروەك ئاماژەی بۆکرا، زێدەکردنی ڕێسا بەکارهێنانی کۆمەڵە یاسایەکی سەربارە بۆ سەر یاساکانی زمان، واتە ((زیادکردنی هەندێ ڕێسا لەسەر ڕێساکانی زمانی ئۆتۆماتیك و کارکردن لەسەر دەرەوەی زمان، ئەمەش بۆ مەبەستی هاوسەنگی* لەناو شیعرەکەدا ئەنجام دەدرێت. ئەم ڕێسایانەش کە دەبنە هۆی هاوسەنگی بریتییە لە جۆرەکانی دووبارەکردنەوە. هەر ئەم دووبارەکردنەوە فراوانانەی کە ئەنجام دەدرێن، دەبنە هۆی دروستبوونی مۆسیقای شیعرەکە، کەواتە لەم جۆرە بەرجەستەکردنەدا مۆسیقا ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە.))(عەبدوڵلا، 2008، 47) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستە، با بڕوانینە ئەم چەند دێڕەی لای خوارەوە:

**دەمەوێ مەستی بادە بم، تا بم**
**پایی خوم ئوفتادە بم، تا بم**
**هەر سەحەرگەهـ بە دەنگی نەی هەڵسم**
**بادە وەرگر لە سادە بم، تا بم**
**تۆ کە شاهی بە ڕوخ لەبەر ئەسپت**
**فەرضە بۆ من پیادە بم، تا بم** (سالم، 2015، 427)

شاعیر لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی ڕێزمانیی (بم، تا بم)ەوە جگە لە پێکهێنانی سەرواسازییەکی هونەرمەندانەی نایاب، هاوکات هاوتەریبییەکی قوڵیشی لە ئاستی واتاییدا بنیاتناوە، کە ئەوەیشی لەڕێگەی گرێدانەوەی دەستەواژە هاوتەریبکراوەکان لەگەڵ وشەی سەروادا ئەنجام داوە.

لەلایەکی ترەوەو لەمەڕ چەمکی هاوتەریبی و لە پەیوەستیدا بە بنەمای بەرجەستەسازیی زمانەوە، جیفری لیچ (Geoffry Leech) هاوتەریبی بە ڕێسایەکی زێدەکراوی پێشخانکراو (Foregrounded Regularity) ناودەبات و پێیوایە بنیاتی هاوتەریبی لە ڕێگەی جۆرە جیاوازەکانی ڕەگەزدۆزیی (Alliteration) و هەندێ دیاردەی دەنگیی دیکەوە بەدی دەهێنرێت.(وایلز، 2014، 492) لێرەوە ئەوەی ئێمە دەیکەین بە بنەمایەك بۆ کارکردن لە شیکردنەوەی بنیاتی هاوتەریبی لە شیعری کوردیی بە نموونەی شیعری سالم، ئەو چەمکەیە، کە لە تێڕوانینی فۆرمالیزمی بنیاتگەرانەدا بەگشتی و تێڕوانینە تیۆرییەکانی یاکۆبسندا باس کراوەو لەوبارەوە پێناسەی چەمکی هاوتەریبی بەم شێوەیە بەردەست دەخات و دەڵێت: ((پێکهاتەیەکی دووانەییە (تألیف ثنائی) لەسەر بنەمای هاوشێوەبوون، نەك وەکیەکیی تەواو، بنیات نراوە.))(جاکبسون، 1988، 103) ئەم پێناسەیەش لە چوارچێوەی شیعرییەتی هاوشێوەبووندا دەخاتە ڕوو، کە لە تەوەری دواتردا باسی دەکەین.

## تەوەری دووەم/ هاوتەریبی و شیعرییەتی هاوشێوەبوون

* هاوسەنگی: هاوتەریبی.

چنینی هەموو دەقێکی هونەری، لەنێویشـــیدا دەقی شـــیعری، پشـــت بە هەردوو تەوەری زمانیی جێنشینی و هاونشینی دەبەستێت، ئەمەش لای یاکۆبسن پرۆسـەیەکە لەسـەر بنەمای هەڵبژاردن و ڕۆنـــان بەڕێـــوە دەچێت، بۆیە لەکاتێکدا بنیاتی هاوتەریبی وەك دەرئەنجامێکی ئەو کردە زمانییەی کە تێیدا بنەمای هاوشێوەبوون لە تەوەری جێنشینی (هەڵبژاردن)ەوە دەخاتە سەر تەوەری هاونشینی (ڕۆنـــــــان)، ئەوا هاونشـــینییەکە بریتی دەبێت لە بەرزکردنەوەی هاوشـــێوەبوونەکە بۆ پلەی بەدواییـەکداهاتنـە زمـانییـەکـان و لـەوەش زیـاتر بـەرزکردنـەوەیـەتی بۆ ئـاســـتی پێکهێنـانی ئـەو بەدواییەکداهاتنە شیعرییانەی کە تێیاندا برگەیەك لەگەڵ برگەیەکی تر و بەشێك لەگەڵ بەشێکی تری بنیاتەکە، لەسـەر بنەمای پەیوەندیی هاوشێوەبوون (لێکچوون و لێکنەچوون) لەناو هەمان زنجیرەی بەدواییەکداهاتوو پێکدەهێنێت.(هوکز، 1996، 74) لەم ڕوانگەوە لەبەردەم پرۆسـەیەکدا دەبین، کە لە چوارچێوەی هاوشـێوەبووندا و بە دوو ئاراسـتەی جیاوازدا دەبزوێت: ئاراسـتەیەکی ئاسـۆیی و ئاراستەیەکی ستوونی، کە هەڵبەت لەو خستنەسەر و پلەبەرزکردنەوەی هاوشێوەبوونەدا وا پێویست دەکات هاوسـەنگییەك لەنێوان هەردوو ئاراسـتە جوڵاوەکەدا بێتە دی و هەر ئەمەشـە، کە دواجار بنیاتی هاوتەریبی لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا دەتوانین ئەم پرۆسـەی، کە چۆنێتیی بەدیهاتنی هاوتەریبی ڕوون دەکاتەوە، لەم هێلکارییەی لای خوارەوەدا نیشان بدەین:




ئە... ی هەموو جۆرەکانی
هاو... کســـی و دەلالی)، بە
ماند... مان لەو پرۆسـەیەدا
دەر... ك (ترنس هۆکز) لەم
ڕو... هاوتەریبی ئیقاعی و
هاو... ستە دەکات و لەسەر

بنـەمـای لێکچوون و لێکنـەچوون بـەردەوام دەبێـت.))(هوکز، 1996، 74) هـەروەك لـەم دێڕەی ســـالمدا ســـەرنجی ئەو هاوشـــێوەبوونە دەدرێت، کە لە یەك کاتدا هەردوو بنەمای لێکچوون و لێکنەچوونی لەنێوان یەکە پێکهێنەرەکانی دێرە شـــیعرییەکەدا لەخۆگرتووە بەمەش هاوتەریبییەکی دەنگی، وشەیی و دواجاریش دەلالی پێکهێناوە:

**دەدا هەردەم شەکەر خەندەت سەمەرقەند**

**بە قوربانی شەکەر خەندت سەمەر قەند** (سالم، 2015، 256)

وەك دیارە بنەمای هاوشـێوەبوونەکە لە بنیاتی دێڕە شـیعرەکەدا زەمینەخۆشـکەرە بۆ بەدیهێنانی ((هاوتایی (تعادل)ی برگەیەك لەگەڵ برگەیەکی تر لەنێو هەمان پێکهاتەدا، یان دوو نەبرە لە دوو وشـــەی بەدواییەکداهاتوو، یان درێژیی نەغمەی برگەیەکی دیاریکراو لەگەڵ نەغمەی برگەیەکی تردا و... هتد.))(اسکندر، 2008، 63) کە هەموو ئەمانەش پێکڕا بەرەو هاوشێوەبوونێکی گشتی لە دەقدا ئاراسـتە دەبن و دواجاریش لە هاوتەریبی دەلالیدا کۆدەبێتەوە و ئەمەش بتەویی و تۆکمەیی لە چنینی دەقەکەدا بەرجەستە دەکات.

هەر لەم بارەوە (سـەموێل.ر.لیڤن) ئاماژەی بەم دیاردەی هاوشێوەبوونە داوە، کە چنینی دەق تۆکمە دەکات و هاوتەریبی لە شـیعردا لێدەکەوێتەوە و دەڵێت: ((هاوشـێوەبوون لە بنیاتی قەسـیدەدا چنینێکی

تۆكمە بەدیدەهێنێت، كە بەرەو ئەركی شـیعریی زمان سـەرنجمان ڕادەكێشـێت و ئەمەش جۆرو شێوەی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەكانی پێكهاتە زمانییەكانمان بۆ دەردەخات.))(ر. لیفین،1989، 6)
لە شیعری (سالم)دا ئەم جۆرە تەكنیكە زۆر بەردەستە، هەروەك لەم نموونەدا دیارە:

**چنیی، گرتی، گەزیی، بۆی كرد و لای دا:**

**بەنەفشە و سونبول و سێب و گوڵ و نار** (سالم، 2015، 273)

هەڵبژاردنی ئەو كردارە ڕێزمانییانەی لە نیوەدێڕی یەكەمدا خراونە پاڵ یەكتر، لەسـەر ئاسـتی ئاسۆیی و پشـتبەسـت بە بنەمای هاوشێوەبوون هاتووەتە ئارا، كە بنیاتە سـینتاكسـییەكەیان لەخۆی گرتووە، ئەویش (كردار+جێناوی كەسـی سـێیەمی تاك)ەو دواتریش لە ئاسـتی سـتونیدا لەگەڵ وشـەكانی نیوەدێڕی دووەمدا، كە بریتین لە (بەنەفشـە، سونبول، سێب، گوڵ و نار) هاوتەریبییەكی جوانی لە دێرە شیعرەكەدا بەرجەستە كردووە.
بەگشـتی دەتوانین بڵێین هاوشـێوەبوون ((پەیوەندیی بە هەموو ئەو چەمكانەوە هەیە، كە ڕیتم لە پێكهاتەی دەقدا دەخوڵقێنن، ئەو كەرەسـتانە لە بنچینەدا جۆرە هاوشـێوەییەك پێك دەهێنن، ئەم هاوشـێوەبوونەش لە دەربڕینێك بۆ دەربڕینێك و لە دەقێك بۆ دەقێكی تر جیاوازە، بەڵام ئەوەندە هەیە، دەبێتە شێوازێكی تایبەت و كاردەكاتە سەر ئاستەكانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و هەروەها لایەنی سیمانتیكیش لەخۆدەگرێت. لەلایەكی تریشـەوە خودی هاوشـێوەبوونەكە لادانێك لە بارە ئاسـاییەكە دەسـازێنێ و شـیعرییەتێك بە ئاسـتی پێكهاتەیی و دەلالیی دەقەكە دەبەخشێت.))(خۆشناو، 2010، 88) سالم دەڵێت:

**نەما ڕەنگم بەبێ دیداری ئەحمەد**

**چ دڵتەنگم بەبێ ڕووخساری ئەحمەد** (سالم، 2015، 265)

لەو دێڕەدا لە ئەنجامی بەرامبەركردنی دەسـتەواژەی (نەما ڕەنگم) لەگەڵ (چ دڵتەنگم) و هەروەها لە هاوجوتكردنی (بەبێ دیداری ئەحمەد) لەگەڵ (بەبێ ڕووخساری ئەحمەد) هاوتەریبییەكی تۆكمە بەدیهاتووەو لەڕێگەیەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەكەوێت، كە چەمكی هاوشێوەبوون پەیوەندییەكی بتەوی بە دووبارەبوونەوەوە هەیە، كە بنەمایەكی سـەرەكییە تێیدا و ئەمەش بۆ خۆی كاریگەریی لەسەر هەموو ئاستەكانی زمانی دەق دادەنێت، هەروەك یاكۆبسن جەخت دەكاتەوە لەوەی پەیوەندیی هاوشێوەبوون لەسـەر بنەمای لێكچوون و لێكنەچوون (التشـابە والأختلاف) لەنێوان دەنگ و واتادا هەیە، چ واتای فەرهەنگی بێت یان واتای سـینتاكسـی، بەمەش دەردەكەوێت، كە ((هاوتەریبی هەردوو جەمسـەرە سـەرەكییەكەی ڕیتمی لەخۆیدا هەڵگرتووە، كە ئەویش لێكچوون و لێكنەچوونە.))(داودی، 2014، 311)، بۆیە هاوتەریبی سـەبارەت بە ڕیتم دەركەوتەیەكی تایبەتە و سـەبارەت بە دەقی شـیعریش دەركەوتەیەكی گشـتییە، كە لەمەشـدا دووبارەبوونەوە كاریگەریی خۆی وەك ئامرازێك لە ئامرازەكانی بەهێزكردنی واتا لە ڕێگەی جەختكردنەوە لە ڕەگەزێكی دیاریكراو لە دەقدا دەسـەلمێنێت.(فرج، 2007، 140) لێرەدا بەم نموونە لە شـیعری سـالم، ئەو تێروانینە زیاتر ڕوون دەكەینەوە:

**ئەی فیدایی ڕەوتی توندت، گورگەلۆقی كەمتیار**

**وەی غوڵامی جوست و خێزت، لەقلەقی ناو جۆیبار** (سالم، 2015، 300)

ئەگەر لەو دێڕە وردبینەوە، هاوشـێوەبوونێكی سـینتاكسـیی ڕوون لەنێوان هەردوو نیوە دێڕەكەدا سـەرنج دەدەین، ئەویش لەڕێگەی پێكهێنانی هاوتەریبییەوە لە ئاسـتی سـتوونیدا بەرهەم هاتووە، بەوەی (ئەی فیدایی ڕەوتی توندت) لەگەڵ (وەی غولامی جوسـت و خێزت) هاوتەریبییەكی ناتەواویان لەنێواندا هەیە و هەروەها (گورگەلۆقی كەمتیار) لەگەڵ (لەقلەقی ناو جۆیبار)یش دیسـانەوە لەڕووی سـینتاكسـییەوە بەشـێوەیەكی ناتەواو هاوتەریبی یەكتركراونەتەوە، هەڵبەت لەمەشـدا شـیعرییەتی هاوشـێوەبوون ڕۆڵی سـەرەكی دەبینێت، كە بنەمای لێكچوون و لێكنەچوون

لەنێوان یەکە زمانییە پێکهێنەرەکانی هاوتەریبییەکەدا کارایی خۆی نواندووە. بەهەمان جۆر و لەم نموونەی لای خوارەوەشدا، شاعیر توانیویەتی هاوتەریبییەکی سینتاکسی لەڕێگەی شیعرییەتی هاوشێوەبوونەوە بەردەست بخات، ئەویش کاتێك دەڵێت:

**ئابی حەیاتی منە، بۆسەیی لێوی حەبیب**

**حاڵی مەماتی منە، دیدەنی ڕوویی ڕەقیب** (سالم، 2015، 159)

گوزارەی (ئابی حەیاتی منە) لە نیوەدێری یەکەمدا، هاوتەریبییەکی ستوونی لەگەڵ گوزارەی (حاڵی مەماتی منە)ی نیوەدێری دووەمدا پێکهێناوە، هەروەها هەریەك لە (بۆسەیی لێوی حەبیب) و (دیدەنی ڕوویی ڕەقیب)، کە نیهادن لە هەردوو نیوەدێرەکەدا، هاوتەریبی یەکترکراونەتەوە.

تەوەری سێیەم/ هاوتەریبی و دووبارەبوونەوە

ئەو تێڕوانینەی لە تەوەری پێشوودا لەبارەی ڕۆڵی بنەمای هاوشێوەبوون لە بنیاتی هاوتەریبیدا خستمانەڕوو، ئەگەر هاوکات پاڵپشتکراو نەبێت بە ناسینی چەمکی دووبارەبوونەوە، ئەوا کەلێنێکی جەوهەریی خۆی تێدەخزێنێت و تارادەیەك خودی تێگەیشتن لە دەرکەوتەی هاوشێوەبوونیش وەك هەوێنی هاوتەریبی دەکات بە کارێکی ئاستەم، بۆیە پێویستە لێرەدا ئەوەش سەربار بکەین، کە ئەگەرچی ((دووبارەبوونەوە لە بنچینەدا هاوشێوەبوونی پێکهاتە و وشە و ڕستە و دەربڕینەکانە و ڕەنگدانەوەی ماکی هونەرییە.))(خۆشناو، 2010، 88) بەڵام هاوشێوەبوون واتای دووبارەبوونەوە نییە و هەمان مەبەست و ئەنجامی لێ بەدەست ناهێنرێت، بەڵکوو ((ئەو یەکسانییەی لە دووبارەبوونەوەدا هەیە و ئەو وەکیەکییە شەکڵییەی لە بەرانبەریدا هەیە، لە هاوشێوەبووندا نییە، لەبری ئەوە شتێك لەم و شتێك لەویان وەردەگرێت و بەوەش دەبێت بە پارادۆکسێك لەنێوان دووبارەبوونەوە و بەرانبەریدا، بۆیە پرۆسەی هاوشێوەبوون زیاتر پرۆسەیەکی ناوەکییە ئەگەرچی لە بنیات و فۆرمیشدا زەق ببێتەوە.))(محمد، 1995، 315) ئەمەو دووبارەبوونەوە وەك دیاردەیەکی گشتیی زمان لە نووسین و ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێ، هەروەك لە ڕەوانبێژیی دێریندا وەك هونەرێکی جوانکاریی وشەیی هەژمار کراوە و بەوە پێناسە کراوە، کە شاعیر یان نووسەر ((وشەیەك یا دەستەواژەیەك یا ڕستەیەك بێنێ و چەند جارێك پاتی بکاتەوە، بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت و لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر واتایان نەگۆڕێ، واتە: نابێ وشەکان نە لە ڕواڵەت نە لە گوزارەدا هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت.))(گەردی، 1975، 47)

بڕوانین، کە تێیدا (سالم) لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی هونەرییەوە، توانیویەتی هاوتەریبییەکی دەنگیی جوان بسازێنێت و تەنانەت لە ئاستی دەلالی لە دەقەکەشدا هاوتەریبی لێ کەوتووەتەوە:

**ویردی زوبان و فیکری دڵ، شەرحی فیراقە سەربەسەر**

**هەڵدەقوڵێ لە عەینی چاو، خوێنی جگەر شەمەر شەمەر**

**زوڵفی سیاهی پڕ خەمی، حەلقە حەلقە، چین بە چین**

**دەستە بە دەستە تا میان، سیلسیلەجۆ کەمەر کەمەر**

**گەرچی بە بۆسەیی لەبی حاصڵە بۆم فەرەح فەرەح**

**لێك فەلەك بە ئینتیقام پێشم ئەدا سەقەر سەقەر**(سالم، 2015، 344)

بەڵام لە باسی هاوتەریبیدا ئەو پێناسە باوەی دووبارەبوونەوە، کە پێشتر خستمانەڕوو، کاریگەرییەکەی لەکاردەکەوێت و لەبری ئەوە بنەمای هاوشێوەبوونەکە دەبێت بە بەهای زاڵ و داینەمۆی پێکهێنان و هێنانەدی شیعرییەت لە دەقەکەدا. کەواتە ئەگەر دووبارەبوونەوە لەڕوانگەی ڕەوانبێژیی دێرینەوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا قەتیس کرابێت و لە پاتەکردنەوەیەکی واتایی یان واژەیی زیاتر دەرنەچووبێت(دەروانرێتە: السجلماسي، 1980، 776)، ئەوا لەڕوانگەی

شـــێوازناســـیی هاوچەرخەوە، کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی فۆرمالیســـتەکان، کە وەك بنەمایەکی گرنگ و پێکهێنەرێکی ســەرەکیی شـیعرییەت و ســیمایەکی جەوهەریی و بەندیواریی (متلازم) لە بنیاتی دەقی شیعردا لێی دەڕوانرێت و لە ئەگەری نەبوونیدا، شوێنی بە هیچ شتێکی تر لە بنیاتەکەدا پـــــڕنابێتەوە، هەربۆیە بەو تێڕوانینە فۆرمالیستییە پەتییە، شـیعر هیچ نییە بەدەر لە دووبـارەبوونـەوەی بنیـاتـە هـاوشـــێوەکـان، کـە لـەمـەیـانـدا هـاوتـەریبی بـەردەســـت دەبێت، نـەك دووبارەبوونەوەیەکی ئۆتۆماتیکی وشـك، بۆ ئەمەش با لێرەدا لەم دێڕە شـیعرەی سـالم بڕوانین، کە دەڵێت:

**مەهی دەی هات و چوو ڕابورد شەوی دەی**

**دەسا دەی مەی بدەن ئەمجا پەیا پەی** (سالم، 2015 )

ئەو هاوشـــێوەبوونەی لەنێوان یەکە زمانییەکانی (مەهی دەی، شـــەوی دەی، دەســا دەی) لەڕێگەی دووبارەبوونەوەی ناتەواوەوە بەدی هاتووە، هاوتەریبی دەنگی و وشـــەیی لێکەوتووەتەوە، کە هەڵبەت نموونەی لەم جۆرە لە شـیعرەکانی سـالمدا زۆرەو (عوسـمان دەشـتی) لەبارەیانەوە دەڵێت: ((ئەم خاسـییەت و تایبەتمەندییە ڕیتمی و سـەرواسـازییە لەم تێکسـتانەدا، کە لە ڕووی داڕشـتنی زمانییەوە کۆمەڵێك خاسییەتی تایبەتی هەیە، وەکوو: دووبارەبوونەوە، هاوشێوەیی لە پێکهاتەدا، کە بە هاوتەریبی/ پارالێل دەناســـرێت، جۆرێك لە ڕیتم و ئاهەنگی خۆش و دڵگیری بە شـــیعرەکان بەخشیوە.))(دەشتی، 2021، 455)

یاکۆبسن لە کتێبی (چەند وتارێك لەبارەی زمانەوانیی گشتییەوە) باسی لە گرنگیی دووبارەبوونەوە و پەیوەندیی بە شـــیعرییەتی دەقەوە دەکات و ئەوەی ڕوون کردووەتەوە، کە دووبارەبوونەوە ســـیمایەکی گرنگی شـــیعرییەتی هاوشـــێوەبوونە و وا دەکات بەدواییەکداهاتنی ڕەگەزە زمانییە پێکهێنەرەکان لە پەیامی هونەریدا شتێکی مومکین بێت و پەیامەکەش لە گشتێتی خۆیدا پەسەندکراو بێت، بەمەش دووبارەبوونەوە ڕۆڵێکی بەهێز دەگێڕێت چ لەســەر ئاســتی زارەکی و بە مەبەســتی زوو ئەزبەرکردن و بڵاوبوونەوەی بێت یان لەســەر ئاستی بنیاتە زمانییە نووسـراوەکەی بێت، کە تێیدا ڕیتم و کێش و کاریگەرییە شـیعرییەکان دەردەکەون، بەمەبەسـتی دەرخسـتنی شـیعرییەت لە بنیاتی دەقەکەدا.(شرتح، 2010، 38) هەروەك (سالم) کە دەڵێت:

**دیدەنی ئەبرووی تۆ، فیتنەیی شەهری صەفەر**

**دیدەیی جادوویی تۆ، مایەیی حیلەو فەریب** (سالم، 2015، 159)

وەك دەردەکەوێت، هاوشـــێوەبوونێکی تەواو لەڕووی ڕێزمانییەوە لەنێوان ســـەرەتای هەردوو نیوەدێرەکەدا بەدی دەکرێت، کە ئەویش بریتییە لە (دیدەنی ئەبرووی تۆ) و (دیدەیی جادوویی تۆ)، کە پێکهاتەی ڕێزمانییان لەڕووی ســینتاکســییەوە بریتییە لە (کردار+ ناو+ جێناوی ســەربەخۆ)، ئەمەش هاوتەریبی پێکهاتەیی لێکەوتووەتەوە، هەروەها لە گونجاندنی نێوان (برۆی کەوانەئاســـای یار)و (مانگی سەفەر)دا هاوتەریبییەکی واتایی جوان بەرجەستە کراوە.

بەم جۆرە دووبارەبوونەوە وەك وزەبەخشـێکی سـەرەکی وایە لە دامەزراندنی بنیاتی هاوتەریبیدا، هەربۆیە وێڕای جیاوازیی بۆچوونی شـێوازناسـان لەبارەیەوە، بەڵام هەمووان لەسـەر ئەوە کۆکن، کە دووبارەبوونەوە وەك گرنگترین بنەمای نەگۆڕ و جێگیری دەقی شـیعر لە قەڵەم بدەن و تەنانەت هەندێك وەك بنەمایەکی ڕەها لە دەقی شـــیعردا لێی دەڕوانن. بۆیە ئەو بنەمایەی کە شـــیعرییەتی هاوشـــێوەبوونی یاکۆبســـن خۆی لەســـەر ڕادەگرێت، ئەوەیە کە پێیوایە هاوتەریبی خۆی لەگەڵ دووبـارەبوونـەوەدا ڕێك دەخـات، بـەوەی کـە فـاکتـەرێکی یـەکلاییکـەرەوەیـە لـە بـەدیهێنـانی ڕیتم و هارمۆنییەتی گشـتی لە دەقی شـیعردا، ئەم دووبارەبوونەوەیەش لە دووبارەبوونەوەی دەنگەکانەوە دەســـت پێ دەکات، ((دووبارەبوونەوەی یەك دەنگی نەبزوێن یان بزوێن بەشـــێوەیەکی زۆر و

سەرنجڕاکێش لە یەك دێرە شیعردا، ئاوازێکی تایبەتی بە شیعرەکە دەدات و هەستێکی تایبەتی لای خوێنەر دەبزوێنێ و کەشی مانایەکی تایبەت دروست دەکات.))(گەردی، 2014، 12) سالم دەڵێت:

**ئەلویداع ئەی موڵکی بابان ئەلویداع**

**ئەلویداع ئەی جایی جانان ئەلویداع** (سالم، 2015، 398)

ئەم سیستمی دووبارەبوونەوەیە لە دەنگەوە تا دەگات بە خەملێنی واتا لە دەقدا، هاو شێوەییەك دێنێتە ئارا، کە ((لە تاقیکردنەوەکانی وایتمان-دا چەند شێوەیەکی هاوتەریبی ڕیتمی دەستنیشان کراون، لەوانەش: هاوتەریبی هاوتایی، هاوتەریبی دژیەك، هاوتەریبی لێکدراو و هاوتەریبی باڵا. ئەمانە ئەو هۆکارە ستاتیکی و بنیاتییانەن، کە توانای دروستکردنی بنیاتێکی ڕیتمی جیا لە سیستیمی ئاسایی کێشیان هەیە.))(بەکر، 2004، 41) بە واتای ئەوەی کە ڕیتم ((لە ئاستی جووڵەی ناوەوەی تەرکیبی شیعردا گەڵاڵە دەبێ و لە ئاستی دەنگی دەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە.))(گەردی، 1999، 77) هەروەك لەم دەقەی سالمی شاعیردا سەرنجی ئەو تەکنیکە دەدەین، کە (عوسمان دەشتی) بە (ڕستەی سەروا)(دەشتی، 2021، 454) ناوی دەبات و ڕیتمێکی جوانی ئەوتۆی لێ بەرهەم هاتووە، کە هاوکات هاوتەریبیە دەنگییەکەشی لە بنیاتی تەواوی دەقەکەدا مەیسەر کردووە، هەروەك دەڵێت:

**بە ئومێدی کەرەمتت، شام و سەحەر، سوجدەکونان**

**دەکەن ئیظهاری ڕەزالەت، چ گەداوو چ وەزیر**

**بە نەظەر ڕەحمەتی تووە لە نەظەر ئەهلی بەصەر**

**جوملە نەزدیکی نەجاتن، چ زەلیل و چ ئەسیر** (سالم، 2015، 355)

بەم شێوەیەو تا کۆتایی پارچەکە سەرنجی دووبارەبوونەوەی (ڕستەسەروا)کانی (چ غولام و چ ئەمیر، چ غەنی و چ فەقیر، چ گەداوو چ وەزیر، چ زەلیل و چ ئەسیر، چ طەویل و چ قەصیر، چ قەلیل و چ کەثیر، چ صەغیر و چ کەبیر، چ مودیر و چ موشیر، چ پەڵاس و چ حەریر، چ لە بوڕنا چ لە پیر، چ قوماش و چ حەسیر) هەر هەمووشیان لە پێکهێنانی هاوتەریبییەکی واتاییدا لەسەر ئاستی پەیوەندیی دژایەتی دەوریان گێڕاوە.

لێرەدا کە باس لە ڕیتمی شیعری دەکەین، بەو چەمکە وەرنەگیراوە، کە لای پێشینان لە سنووری کێش و سەروادا قەتیس کراوە، بەڵکوو ڕیتم وەك خاسییەتێکی تایبەتی شیعر دەبینین، کە خاوەن چەمکێکی فراوانە و لەبەرانبەریشدا وەك فۆرمێکی گشتیی لە چەمکی کێش و سەروا دەڕوانین، کە خاوەن کۆمەڵە پەیوەندییەکی نەگۆڕە. بەومانایەی کە پێمانوایە ڕیتمی شیعری یەکانگیری و هەمەڕەنگیی نێوان یەکە و ڕەگەزەکانی کۆی ئاستەکانی زمان فەراهەم دەکات و دەرئەنجام بنیاتی هاوتەریبی لە دەقدا لەو ڕێگەوە بەرجەستە دەبێت. بەدیهێنان و بەرجەستەبوونی ئەم بنیاتە هاوتەریبە -وەك پێشتریش ئاماژەمان پێیداوە- لەڕێگەی ڕیتمەوە، بە جۆرێك لە هاوشێوەبوون و دووبارەبوونەوە بە ئەنجامی خۆی دەگات، هەروەك لەم بارەوە (یۆری لۆتمان) دەڵێت: ((هاوتەریبی، وەك ئامرازێکی شیعرییەتی دەق، لەسەر بنەمای دوو دەرکەوتەی گرنگی زمان بنیات دەنرێت، ئەوانیش بنەمای هاوشێوەبوون (Pirinciple of Equivalence) و بنەمای دووبارەبوونەوەیە (Repetition)، واتە هاوتەریبی کاتێك دێتەکایەوە، کە پێکهاتەیەك لە دوو بنیاتی زمانیی هاوشێوەدا دووبارە ببێتەوە.))(وایلز، 2014، 491) وەك ئەم نموونەی لای خوارەوە:

**موزدی ڕەنجم کە بدەی نەقدی ویساڵم طەڵەبە**

**ئەجری هیجرم کە بدەی باغی جەمالم طەڵەبە** (سالم، 2015، 736)

دووبارەبوونەوەی پێکهاتە هاوشێوەکانی (موزدی ڕەنجم کە بدەی/ ئەجری هیجرم کە بدەی) لەگەڵ (نەقدی ویساڵم تەڵەبە/ باغی جەمالم تەڵەبە)و بەرانبەریەکتر ڕاگرتنیان لە هەردوو نیوەدێرە

شـيعرەکەدا، هاوتەریبییەکی سـینتاکسـیی تەواوی لێ پێکهێنراوەو هاوکات جوانییەکی دڵگیری بە دێڕەکە بەخشیوەو ڕیتم و مۆسیقایەکی دڵڕفێنیشی لێ کەوتووەتەوە.

کەواتە هاوتەریبی دووبارەبوونەوەیەکە لە جۆرێکی تایبەت، بەوەی کە هەمان یەکەی زمانی لە سـیاقی ئاخاوتنەکەدا وەك خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکوو بنیاتە زمانییە (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی، سینتاکسی)یەکەی دووبارە دەکاتەوە، کە ئەمەش لەسـەر بنەمای هاوشـێوەبوون بەڕێوە دەچێت. لەم بارەوە یاکۆبسن لە خستنەڕووی بنەماکانی شیعرییەتی هاوشێوەبوونەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینە زمانەوانییەکەی ساپێر (Edward Sapir) و جیاوازیی نێوان دوو جۆرە چەمك دەخاتە ڕوو، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین درك بە هاوشێوەبوونی نێوان دەربڕینە زمانییەکان بکەین، ئەوانیش: ئاستی پێکهاتەیی ڕێزمانی (التركيبی النحوی) و ئاستی ماددیی فەرهەنگی (المعجمی المادی)یە لە زماندا، کـە ئـەمـەش بـە (واقیعێکی بنیاتگـەریی بـابـەتییـانـە) نـاودەبـات.(الضـــــامن، 1979، 67) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو جیاوازییەش لە چوارچێوەی واقیعە بنیاتگەرییە بابەتییەکەدا، یاکۆبســـن نموونەی دوو ڕســـتەی لەم جۆرە دەهێنێتەوە: (جوتیارەکە مراوییەکە ســـەردەبڕێت.) (پیاوەکە جووجەڵەکە دەگرێت.) و ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە هەردوو ڕستەکە لەسـەر بنەمای پێکهاتەیەکی سینتاکسیی هاوشێوە بنیات نراون و تەنها لە ڕووە دەرەکی و مادییەکەیانەوە جیاوازییان هەیە، دەنا هەردوو ڕستەکە بە هەمان ڕێگەی سینتاکسی گوزارشت لە پەیوەندیی هاوشێوەیی نێوانیان دەکەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکارییەك لەو پێکهاتەیەدا بکەین، کە بنیاتی هەردوو ڕسـتەکەی لەسـەر ڕۆنـــــــراوە، بەبێ ئەوەی چەمکە ماددییەکانی پێکهاتەکە بگۆڕین، ئەوا دەتوانین لەبری (أ ، ب سـەردەبڕێت) بڵێین: (ب، أ سـەردەبڕێت)، ئەوکات ئێمە چەمکە ماددییەکانمان نەگۆڕیوە، بەڵکوو تەنها هەمەڕەنگییەکمان لە پەیوەندییە ئاڵوگۆڕپێکراوەکانی نێوانیاندا هێناوەتە ئارا. بەمەش وەك دەبینین لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی هەمان وێنەی سینتاکسی وێڕای جیاوازییان لە شێوەی ماددی و دەرەکییـانـدا، بـەڵام هـاوشـــێوەییەکی بنیاتی لێ کـەوتووەتـەوە، کـە ئـەمـەش بـەرەو هـاوتـەریبی فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سـینتاکسـی و سـیمانتیکیمان دەبات.(اسـکندر، 2008، 67) هەربۆیە یاکۆبســـن لە لێکۆڵینەوەکانی دواتریدا، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێت: ((بنیاتی شـــیعر بریتییە لە بنیاتێکی هاوتەریبی بەردەوام.))(جاکبسون، 1988، 106)

بەم چەشـنە مەبەسـت لە هاوشـێوەبوون و دووبارەبوونەوە، لەبنیاتی هاوتەریبی دەقدا، وەکیەکی و یەکسانیی تەواوەتی نییە، بەڵکوو فۆرمێکی تایبەتییە لە ئاوێتەبوونی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ئـەم و ئەویتریان. واتە هەموو جۆرە دووبارەبوونەوەیەك ئەم هاوتەرییبیە دروســـت ناکات، بەڵکوو دووبارەبوونەوەیەك ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کە ڕێژەیەك لە جیاوازیی و لێکچوونی تێدابێت، چونکە نەبوونی بەشـە جیاوازەکە کارێك دەکات، پرسی دووبارەبوونەوەکە مۆرکێکی میکانیکی وەربگرێت و هیچ نرخ و بەهایەکی ئەدەبی بۆ نەبێت.(عەبدوڵڵا، 2008، 47) بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو یەکســـانی و لێکچوونە تەواوەتییەی لە بنەمای دووبارەبوونەوەدا هەیە، لە هاوتەریبیدا نامێنێت، بەڵکوو شـــتێك لە یەکســـانی بنەمای دووبارەبوونەوەکە و شـــتێك لە لێکچوونی بنەمای هاوشـێوەییەکە وەردەگرێت و لەخۆیدا کۆیان دەکاتەوە و بەوەش بنیاتێکی جیاواز لەنێوان ڕەگەزی دەنـگی (الـتجـانـس الصـــوتـی Homophonie) و ڕەگـەزی خـەتی (الـتجـانـس الـخطـی Homographie)دا بەردەسـت دەبێت، لێرەوە دەگەینە ئەنجامێکی وا بتوانین ئەوە جێگیر بکەین، کە هاوتەریبی بەشـــێوەیەکی تەواوەتی نە ئەمیانەو نە ئەویان، بەڵکوو جۆرە کۆکردنەوەیەکی جیاوازە لەنێوان خاسـییەتە تایبەتەکانی هەردوو جۆرە بنەما سـەرەکییەکەدا.(عبدالمطلب، 1995، 15) هەروەك لێرەدا ئەم دێڕەی سالم بەنموونە بۆ ئەو مەبەستە دەخەینەڕوو:

**شەپۆلی بەحری ئەشکم تەڕ دەکا پشتی سەمەك ئەمشەو**

**صەدای ڕەعدی فیغانم کەڕ دەکا گۆشی فەلەك ئەمشەو** (سالم، 2015، 692)

دووبارەبوونەوەی هەمان پێکهاتەی ڕێزمانیی لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا، ئەو هاوشێوەبوونەی لێکەوتووەتەوە، کە هاوتەریبییەکی دەنگی، وشەیی و سینتاکسی بەرهەم هێناوە، هەموو ئەوانەش دەچنە خزمەتی ئاستی دەلالیی دەقەکەوە، بەوەی کە دێڕە شیعرەکە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر شەش بەشدا دابەش بووە، ئەوانیش بریتین لە: (شەپۆلی بەحری ئەشکم) بەرانبەر بە (صەدای ڕەعدی فیغانم)، (تەڕ دەکا) بەرانبەر (کەڕ دەکا)، (پشتی سەمەك) بەرانبەر بە (گۆشی فەلەك) و دواجاریش هێنانەوەی پاش سەرواى (ئەمشەو) بۆ ڕێکخستن و کاملکردنی ڕیتمی دێرە شیعرییەکە. بەم شێوەیە هاوتەریبییەکە لە هەموو ئاستەکانی زماندا خۆی نواندووەو هەر بەم شێوەیەش باڵادەستیی شاعیر بەسەر زمانە شیعرییەکەیدا دەردەکەوێت.

## ئەنجام

لەکۆتاییدا دەتوانین ئەم چەند خاڵە، وەك ئەنجامی توێژینەوەکەمان گەڵاڵە بکەین:

- هاوتەریبی چەمکێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە وای لێ دەکات هۆکارێك بێت بۆ سازاندنی زمانی شیعریی لە بنیاتی دەقی ئەدەبیدا بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی، ئەمەش لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و ڕۆنان دێتە ئاراوە. بۆیە ناکرێ لەگەڵ چەمکە شێوازگەرییەکانی تری وەك (لادان)دا تێکەڵ بکرێت، چونکە هاوتەریبی بەرئەنجامی زێدەکردنی ڕێسای زمانییە و لە ئاستی دەرەوەی زماندا کار دەکات، لەکاتێکدا لادان بەرئەنجامی دەرچوونە لە ڕێسا زمانییە باوەکان. بەواتایەکی تر: زمانی شیعری، لە ڕێگەی دوو پرۆسەوە فەراهەم دەبێت، ئەویش: نائاشناکردنی زمان و بەرجەستەکردنی زمان، لەڕێگەی پرۆسەی دووەمیانەوە هەریەك لە لادان و زێدەکردنی ڕێسا دەکەوێتەوە، کە ئەمەیان بۆخۆی هەڵگری هەمان چەمکی هاوتەریبییە بەپێی تێگەیشتنە فۆرمالیستییەکەی یاکۆبسن.
- هاوتەریبی پەیوەندییەکی بتەوی لەگەڵ کۆمەڵێك چەمك و زاراوەی تردا هەیە، چ لە چەمك و زاراوەکانی سەر بە ڕەوانبێژیی کۆن لە نموونەی (ڕەگەزدۆزی، پاتەکردنەوە، ڕازاندنەوە، دوابەسەر و... هتد)، یان چەمك و زاراوەکانی شێوازگەریی هاوچەرخی وەك (هاوشێوەیی، دووبارەبوونەوە، بەرانبەریی و... هتد)، بەڵام لەڕاستیدا چەمکە بنەڕەتییەکەی هاوتەریبی هیچ کام لەوانە نییەو لەهەمان کاتیشدا سوود لە هەموویشیان وەردەگرێت.
- سالمی صاحێبقڕان، وەك یەکێك لە شاعیرانی کلاسیکی کورد، خاوەنی دیوانێکی دەوڵەمەندە، کە ڕازاوەیە بە هونەر و سنعەتە شیعرییەکان، لەنێویشیدا هاوتەریبی، کە لەسەر هەموو ئاستەکانی دەنگی، وشەیی، ڕستەیی و واتایی ئەم تەکنیکە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە.
- سالم بەشێوەیەکی هونەرمەندانە توانیویەتی زمانە شیعرییەکەی ئاراستەی خودی پەیام بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو وەك شاعیرێکی لێهاتوو، دەسەڵاتی بەسەر هەموو یەکە پێکهێنەرەکانی زمانە شیعرییەکەیدا شکاوە، ئیتر هەر لە تاکە دەنگێکەوە بگرە، تا دەکات بە تەواوی قەسیدە یان غەزەل و پارچەیەکی شیعری ناو دیوانەکەی، لە هەموو ئەمانەشدا هاوتەریبی وەك بنیاتێکی بەردەوام لە زۆربەی دەقەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.

## لیستی سەرچاوەکان


- بە زمانی کوردی

1. کتێب:

- ئەحمەدی، بابەك (2004): پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، کتێبی یەکەم، و: مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، سەنتەری نما، هەولێر.
- بەرزنجی، ئازاد (2006): چەند وێستگەیەکی ئەدەبی و فیکری، چاپی دووەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.

- بەکر، محەمەد (2004): کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- تۆفیق، ئاڤان عەلی میرزا (2013): فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- خۆشناو، هێمن عومەر (2010): شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی- لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەریی پراکتیکییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحێد موشیر (2012): شێوازو پراگماتیك، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆك.
- دەشتی، عوسمان (2021): سالمی ساحێبقڕان باس و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ساحێبقڕان، عەبدوڕەحمان بەگ (2015): دیوانی سالم، ساغکردنەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.
- سەعید، ناز ئەحمەد (2013): لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- سەفەوی، کورش (2018): لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات- هۆنراو، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: عوسمان دەشتی، پێداچوونەوەی: یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- شارەزووری، یادگار لەتیف (2015): دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی- بنچینە مەعریفییەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان بنەچەی سەوسەن وەك بواری کار، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین (2008): شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، چاپی یەکەم، دەزگای سپیرێز، دهۆك.
- کالر، جاناتان (2021): تیۆریی ئەدەبی پێشەکییەکی زۆرکورت، و: عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.
- کەسنەزانی، بوشرا (2022): جوانیناسیی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- گەردی، عەزیز (1975): ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم- جوانکاری، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (1999): کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا- لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- گەردی، عەزیز (2014): کێشناسیی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای نارین، هەولێر.
- محەمەد، ئەنوەر قادر (2018): لیریکا شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.

2. نامەی ئەکادیمی:

- عەبدولڕەحمان، لهۆن قادر (2021): لیریکی گۆرانی (هەورامی) لە دیدی شێوازناسیی هاوچەرخەوە- بەنموونەی شیعری بێسارانی، سەییدی، کۆماسی، تێزی دکتورا، سەرپەرشت: پ.د.ئەنوەر قادر محەمەد، کۆلێجی زمان- زانکۆی سلێمانی.

- بە زمانی عەرەبی:

1. کتێب:

- ابراهيم، السيد (1998): نظرية الرواية- دراسة لمناهج النقد الادبي في معالجه فن القصة، ط1، دار قباء.
- اسكندر، يوسف (2008): اتجاهات الشعرية الحديثة الاصول والمقولات، ط2، دار الكتب العلمية، بيروت.
- اسكندر، يوسف (2008): اتجاهات الشعرية الحديثة الاصول والمقولات، ط2، دار الكتب العلمية، بيروت.
- بشبندر، ديفيد (2005): نظرية الادب المعاصر وقراءة الشعر، ت: عبدالمقصود عبدالكريم، ط1، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- جاكبسون، رومان (1988): قضايا الشعرية، ت: محمد الولي ومبارك حنون، ط1، دار توبقال للنشر، الجار البيچاء- مغرب.
- جييوم، بول (1963): علم نفس الجشطلت، ط1، ت: صلاح مخيمر وعبدة ميخائيل رزق، م: يوسف مراد، مؤسسة سجل العربي، القاهرة.
- حمداوى، جميل (2020): النظرية الشكلانية في الادب والنقد والفن، ط1، دار الريف للطبع والنشر الالكتروني، المملكة المغربية.

- ر.ليفين، سـموبل (1989): البنيات اللســانية فى الشــعر، ت: الوالى محمد- التوزانى خالد، ط1، منشــورات الحوار الاكاديمى، مطبعة فضالة.
- زرق، صــلاح (2002): أدبية النص- محاولة لتأسـيس منهج نقدي عربي، ط1، دار غريب للطباعة والتوزيع، القاهرة.
- السـجلماسـي، أبو محمد القاسـم (1980): المنزه البديع في تجنيس أسـاليب البديع، ط1، تحقيق: علال الغازي، مكتبة المعارف، الرباط- مغرب.
- ســلدن، رامان (1998): النظرية الادبية المعاصــرة، ت: جابر عصــفور، ط1، دار قباء للطباعة والنشــر والتوزيع، القاهرة.
- شرتح، عصام (2010): جمالية التكرار في الشعر السوري المعاصر، ط1، دار رند للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق- سورية.
- الضامن، حاتم صالح (1979): نظرية النظم تاريخ وتطور، ط1، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، بغداد.
- فرج، حســام أحمد (2007): نظرية علم النص رؤية منهجية في بناء النص النثري، ط1، مكتبة الاداب، القاهرة.
- فضل، صلاح (1998): النظرية البنائية في النقد الأدبي، ط1، دار الشروق، القاهرة.
- لوشـر، روبرت (1997): القصــة الرواية المؤلف- دراسـات في نظرية الانواع الادبية المعاصــرة، ط1، ت: خيرى دومة، م: سيد البحراوي، دار الشرقيات.
- مجموعه من الكتاب (1982): نظرية المنهج الشكلي- نصوص الشكلانين الروس، ت: ابراهيم الخطيب، ط1، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت.
- محمد، عبدالمطلب (1995): بناء الأسلوب فى شعر الحداثة التكوين البديعى، ط2، دار المعارف، مصر.
- هوكز، ترنس (1996): البنيوية وعلم الأشارة، ت: مجيد الماشطة، ط1، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
- هولب، روبيرت ســى (2004): نظرية الاســتقبال، ت: رعد عبدالجليل حواد، ط1، دار الحوار، اللاذقية- سوريا.
- وايلز، كاتى (2014): معجم الاسلوبيات، ط1، ت: خالد الأشهب، ط1، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- ويليك، رينية (1987): مفاهيم نقدية، ت: محمد عصفور، ط1، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.
- ياكبسون، رومان (1981): قضايا الشعرية، ت.محمد الولي ومبارك حنون سلسلة المعرفة الأدبية، دار توبقال، الدار البيضاء.

2. گۆڤار:

- داودى، وهاب (2014): البنيات المتوازنة فى شعر مصطفى محمد الغمارى- التوازى والتكرار، مجلة المخبر- أبحاث فى اللغة والأدب الجزائرى، جامعة البسكرة، العدد (10).

• به زمانى فارسى:

- برتنز، يوهانس ويلم (1388): نظريهء ادبى، برگردان: فرزان سجودى، چاپ دوم، مؤسسه انتشارات اهنگ ديگر.